پلانی خۆجێی ڕێگرێکردن لە تۆندڕەوریی تۆندوتیژ لە موسڵ و تەلەعفەر ڕاگەیەنرا

موسڵ – لە ڕێکەوتی ١ ئاداری ٢٠٢٣، حکوومەتی خۆجێیی نەینەوا بە شێوەیەکی فەرمی پلانەکانی کارکردنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تۆندڕەویی تۆندوتیژ لە ڕۆژئاوا و باشووری موسڵ و ناوەندی تەلەعفەر ڕاگەیاند. مەراسیمەکە لە زانکۆی موسڵ بەڕێوە چوو، هەمان ئەو شوێنەی کە لەژێر داگیرکاریی داعشدا تێیدا مەنهەجێک داڕێژرا بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی تەمەنی قوتابخانە لەسەر تۆندڕەویی تۆندوتیژ.

پلانەکان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا داڕێژراون بە ڕاوێژکاری ورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نیشتمانی و پارێزگای نەینەوا و کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگا، بە پاڵپشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و بەهاوبەشی لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی. هەر یەک لە پلانەکان ئەو پاڵنە ر و هۆکارە سەرەکییانە دیاری دەکات کە مەترسی تۆندڕەوی تۆندوتیژ زیاد دەکەن و ئەو پێشنیارەنەش دیاری دەکات کە خۆڕاگری بنیات دەنێن و بەپێی تایبەتمەندیەکانی هۆکارەکان داڕێژراون.

ڕێزدار عەلی عومەر، بەرپرسی لێژنەی لاوەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆندڕەویی تۆندوتیژ لە پارێزگای نەینەوا گوتی: "ڕۆڵی حکومەت ئامادەکردنی ژێرخانی پێویستە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە تۆندڕەوی تۆندوتیژ. سەرنجی ئێمە لەسەر جێبەجێکردنی (ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆندڕەوی تۆندوتیژی کە دەبێتە ریگە خوشکە ر بۆ تیرۆر) دەبێت لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، بە گرنگیدانی تایبە ت بە گەنجان و ژنان. هەروەها پێویستە سەرنجمان لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بێت، چونکە ئەوەی کە پارێزگای نەینەوا جوان دەکات فرەچەشنییەیەکەتی. ئێمە ئاواتەخوازین کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو بین، هەر وەک ڕۆژانی ڕابردوو".

سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، بەڕێز گیۆرگی گیگاوری ڕایگە یاند: "بەم پلانە خۆجێییانە ی کارکرن، کە یەکەمین سێ پلانن کە لە سەرانسەری وڵاتدا ڕابگەیەنرێن – ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین کە هەوڵە بەکۆمەڵەکانمان بەرهەمیان دەبێت. لەڕاستیدا، پلاندانانی خۆجێی کلیلی کاریگەربوونی پرۆژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆندڕەوی تۆندوتیژە. ئەوەی کە وا دەکات ئەم هەوڵانە لەم واقیع و هەلومەرجە تایبەتانەوە هەڵبقوڵێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە هەمەچەشنەکانی عێراق دەبنەوە بریتییە لە پلاندانانی خۆجێیی."

ئەم پلانانەی کارکردن لەسەر بنەمای توێژینەوە ی داڕێژراون گشتگیرن و لەسەر بنە مای لەخۆگرتنی سەرتاسەری کۆمەڵگا و یەکسانیی جێندەر و مافەکانی مرۆڤ داڕێژراون و شێوازێك کە ڕاستەوخۆ یارمەتیدەر بن لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە ستراتیژی نیشتمانی حکومەتی عێراقدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆندڕەوی تۆندوتیژی کە دەبێتە ریگە خوشکە ر بۆ تیرۆردا هاتووە.

لە مەراسیمەکەدا کە بەرپرسانی حکومی لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و پارێزگاکان، نوێنەرانی زانکۆی موسڵ و کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا ئامادە بوون، دامەزراندنی دوو لێژنەی خۆجێیی بەرەنگاربوونەوەی تۆندڕەویی تۆندوتیژ لە هە ر یە ك لە قەزاکانی موسڵ و تەلعەفەر ڕاگەیەندرا – کە ئەم دوو ناوچەیە هەردووکیان لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن گرووپە تۆندڕەوەکانەوە کرابوونە ئامانجی تۆندوتیژی و تۆندڕەوی. لێژنە ل خۆجێیە کان بەرپرسیار دەبن لە جێبەجێکردنی پلانەکانی کارکردنی خۆجێیی لە قەزاکانی خۆیان، بە پشتیوانی تەکنیکی و تواناسازی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق.

تۆندڕەوی تۆندوتیژی کاریگەریی کارەساتبارانەی لە عێراقدا هەبووە، لەوانە ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ، وێرانکاریی بەربڵاو و قوڵبوونەوەی لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان. وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی کۆچی ناڕێک، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بە پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراق کە ڕێبازێکی لەخۆگرتنی تەواوی کۆمەڵگا و تەواوی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆندڕەویی تۆندوتیژ پەیڕەو دەکات، لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەیەکی تۆندوتۆڵ و پێشکەوتوو کە لەسەر بنەمای گشتاندنی پرەنسیپەکانی یەکسانیی جێندەر و مافەکانی مرۆڤ داڕێژراون.

بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەندی بکە بە:
بەشی زانیاریی گشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق iraqpublicinfo@iom.int